# ساتیره نامه

To Uncle Jalal and Big brother Masod

Big brother Masod

Uncle Jalal Gîan !

سلاوێکی گەرمی دۆستانە

هیوادارم لەوپەڕی  بەختەوەریدابن، هەرچەندە  دڵشادن و شوێنتان لەوە خۆشترنابێت.

داوای لێبوردنتان لێدەکەم کە نامەیەکی هاوبەشم بۆ نووسین، دەزانم کەمێک ناتەبا و ناجۆر بوون، ئەوە شتێکی سروشتییە، منیش لە ماڵەوە لە گەڵ خێزانەکەمدا هەندێک جار لە سەر قاپشتن لە یەکتر زویردەبین، بەڵام لای ئێمە دواڕۆژی منداڵەکانمان و گەلی ئەمریکا لە هەموو شتێک گرنگترە ، بێگومان لای  ئێوەش هەروەها.

لە دڵەوە پێخۆشحاڵی خۆم بەیەکگرتنەوەتان دەردەبرم و ئاواتەخوازم ئەمجارە گا بە گەورەیی خۆیی نەچێت بە نێوانتاندا. بەناوی گەلی ئەمریکاوە دەست خۆشییتان پێدەڵێم. خوزگە کەمێکیش چاوتان لە پارتییە بچوکەکانی تر بوایە، ئەوانەی یەک قابلەمە یاپراخ بەشیان دەکات.

لەم ڕۆژانەدا لە گەڵ خاتو لاورای خێزانمدا لە ساونا بووین و ئێوەمان کەوتەوە بیر، خاتونی ژنم سەرزەنشتی زۆری لێکردم, کەمن ئێوە و گەلی کوردم لە بیر نەماوە و کردومنەتە قوربانی شوڤێنستی عەرەبی. ناچار بیرم کردەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوە  ئەم نامە یەتان بۆ بنوسم و ئەلبومی دڵمتان بۆ بکەمەوە.

Uncle Jalal گیان!

جارێ با گلەییەکانم لە ئێوەی بەرێز بکەم جا ئەوسا  بەشێکی نامەکەم بۆ Big brother Masod تەرخان دەکەم .

من چۆن گلەیی لە ئێوە ناکەم ؟ کە دەوترا دەبێ کوردیش بوونی خۆی هەبێ، ئەوەندەی تر هان دەدرام کە هەموو سەربازەکانم بخەمە خزمەتی گەلی کورد. بەڵام سەد موخابن، کە پیاو  ڕودەکاتە سلێمانی، کە بەشاری هەڵمەت و قوربانی ناسراوە، لە بەر گۆرانی( تورکی ، عەرەبی و فارسی) گوێی کەرِدەبێت. هەر ئەوەش نا، تەلەفیزیۆن و میدیاکانیشتان تەنها بەشێکی گۆرانی کوردییە، لە هەر گەرەکێک سێ چوار مزگەوتتان قوت کردوەتەوە. مەککەش ئەوەند مزگەوتی تیانییە کە بە قیبلەی موسڵمانان ناودەبرێ ، ئەوەش سەربازەکانمانی ترساندوە و وادەزانن لە فەلوجەن.

Dear my uncle !

شتی تر زۆرە کە باسیان بکەم، ڕاستە شەقام و شوێنە گشتیەکانی ئیمارەتەکەتان بە گڵۆپ و چرای ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵای ئەمریکا جوانکردووە، بەڵام  چاوم بەرایی نایێت ئاڵای وڵاتەکەم لە تەک ئاڵای شومی عێراقدا ببینم، کە نیشانەی ئەنفال و زۆرداریە، دەبوو جەنابتان هەستتان بەم مەسەلەیە بکردایە.

سوپاکەی من، ئەنساری ئیسلامی لە ناوچەی هەڵەبجە بۆ وەدەرنان، بەڵام هێشتا شوێنێکی وەکو بیارە تەلەفۆنی

تیانییە، لە ماڵەکانی خۆشتان ئەستێلی مەلەتان هەیە، دەشتانەوێ شاری سلێمانی بکەنە یەکێک لە دەستە خوشکەکانی  کالیفۆرنیا.

زۆر زۆر ئەوەی کە من بریندارئەکات:

- ئێوە کە دەچنە تورکیا ئەوان بە هاوسەنگەر وکارداشی خۆتان دەزانن.
- کە سەردانی ئێرانیشتان کرد، خۆتان دەکەنە سوپای ساروڵا.
- کە گەشتی ڕوسیاشتان کرد دەبنە تەڤاریش*.
- لای عەرەبەکانیش هاونیشتمانیەکی عێراقین.
- تەمەنتان لە حەفتاساڵ بەرەو ژوورە، هێشتا سەرکردەن.

نامەوێ بریندارتان بکەم، تەنها کەمێ ڕاستیم بۆ باسکردن. خۆتان بخەنە شوێنی ئێمە، پێم ناڵێن داوای فیدراڵییەتی چی لە عیراق بکەم بۆتان، کە ئێوە خۆتان بە بەشێک لە ئومەی عەرەبی دەزانن، ئەو ئومەیەی کە جارێک لە جاران بە سەرۆکایەتی  سەلاحەدینی کوردی، هەرچی فەڵەبوو سەری برین.

هێشتا دڵی ئێمە گەورەیە، کە ڕژێمی سەدامیمان بۆ ڕوخاندن. ئێمە ماوەی سێ ڕۆژماندانێ بەڵکو کەرکوک و شوێنەکوردیەکان ئازادبکەن، دیسان ئێوە گوێتان نەداو پسوڵەی هەڵهاتنتان بۆ پیاوکوژە بەعسییەکان کرد، بەڵێ ئەوانەی کە ئەنفالیان کردن. ئێوە دوای ڕۆژێک جەماوەرەکەی خۆتانتان بەجێهێشت و لە جیاتی چەپکە گوڵی ڕزگاری کوردستان، ئۆتۆمبێلی علوج و تالانیتان کرد.

دووبارە هیوادارم سەرم نە ئێشاندبن. ڕاستی تاڵە بەڵام وون نابێت.

## My big brother Masod gîan

ئەوە لەئێوە تەواو دڵشکاو و زەبونم، دەزانی بۆ؟ ئەوەی بۆ مامەم نووسی و هەزار بارەی ئەوەش گلەییەم لە ئێوە هەیە:

– پێم ناڵێن داهاتی گومرگی 13 ساڵ ئیبراهیم خەلیلتان چی لێکرد، ئێستا داوای لە سەدا 13ی نەوتی عیراقم بۆ دەکەن؟ وڵاتێکی وەکو ئوردن بە هەتیوانە دەژیت و وڵاتە. ئەی ئێوە چی؟ ماوتانە کاولی کەن؟

– من نەسرین بەرواریم دانابوو بۆ ئامۆزایەکی خۆم، بەڵام ئێوە لە مەشدا عیراقچیەتی خۆتان دەمەزەرد کردەوە و ئێمەتان دیسان وەکو شێخ مەحمود بە کافر دانا. تاوانمان مەگرن کە بڕوامان بە گوندێکی سەربەخۆی کوردیشی نییە!

من سەیرم لێدێت کە سەدامی فاشست هەشت هەزار بەرزانی سیڤیلی بە بێ گوناح کوشت، تەنها لە بەر ئەوەی کە کورد بوون. ئێوە بۆ وا بە پەرۆشی دروستکردنەوەی بەناو ولاتی عێراقن؟ من و ڕژێمەکانی تری ئەمریکا دەمێکە نەخشەی ئەوەمان داڕشتووە کە عێراق هەڵوەشێنینەوە و بیکەیینە سێ پارچە، ئەمجارەش ئێوە(تۆ سەرکردە کوردەکانی کورد) پیلانەکانی ئێمە و خۆتان تێکدا. بەڵی ئومێدی 40ملیۆن کوردتان کردە قوربانیی دوو کورسی شکاو و خۆتان هاولاتی پلە دوو.

نامەکەم بەئومیدی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیمارەتەکە کۆتایی پێدەهێنم، فریاکەون وا عەرەبەکان دژی ئێوە یەکیان گرتووە. بە ئاواتم ئەو پارچەیە هەرگیز وەکو بەشێک لە عێراق و ئومەکەی زەرقاوی نە بێنم.

نامەوێ لەوە زیاتر سەرتان بئێشێنم، بەلام چاوەڕێی نامەتانم .

بژی هاوبەرژەوەندی گەلی ئەمریکا و کورد، بژی دیموکراتی و سەرمایەداری. بمێنێ نەوت و بازار.

2004-11-20

This is the way I love You

GEORGE W BUSH

---

تەڤاریش: ووشەیەکی ڕوسیە، واتای هاوڕێ